بەش: زمانی کوردی

کۆلێژ: پەروەردە/ شەقڵاوە

زانکۆ: سەڵاحەددین

بابەت: وشەسازی (مۆرفۆلۆژی)

پەرتووکی کۆرس- قۆناغی دووەم

ناوی مامۆستا: بەهزاد موحسین (ماستەر لە زمانی کوردی)

پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣- ٢٠٢٤- وەرزی یەکەم

**پەرتووکی کۆرس**

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | وشەسازی |
| **2. ناوی مامۆستای بەرپرس** | بەهزاد موحسین |
| **3. بەش/ کۆلێژ** | بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە |
| **4. پەیوەندی** | **ئیمێل:** Bahzad.raoof@su.edu.krd.com |
| **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | ٣ کاتژمێر تیۆری و ٦ یەکە لە هەفتەیەک |
| **6. ژمارەی کارکردن** | ڕۆژانی شەممە، دوشەممە, سێشەممە |
| **7. کۆدی کۆرس** | |
| **8. پرۆفایلی مامۆستا** | - بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٠٣.<br>- ماستەر لە زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٠٩. |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | مۆرفیم، مۆرف، ئەلۆمۆرف، ئەرک و پۆل، بەشەکانی ئاخاوتن، وشەڕۆنان. |

## 10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:

**پێناسەی بابەت:** وشەسازی لقێکە لە زمانەوانی تیۆری، بایەخ بە دیوی ناوەوەی وشە دەدات و شییان دەکاتەوە بۆ پارچە پێکهێنەرەکانی. جگە لە دیاریکردنی مۆرفیم، جۆرەکانی مۆرفیم و یاساکانی خستنەپاڵ یەکیان لە وشەڕۆناندا دیاریدەکات.

**گرنگی بابەت:** ئەم کۆرسە کە بریتییە لە وشەسازی، تێیدا پێناسە و چەمک و پۆلێنی زۆربەی "بە پێی قۆناغەکانی بەکالۆریۆس" یەکە و کەرەستە زمانییەکانی چوارچێوەی وشەسازی دەخرێنە ڕو و بە قوتابییان دەناسرێن، بەمەش قوتابییان ئاشنایەتیەکی دروست و پتەو لەگەڵ وشەسازیی زمانەکەی خۆیان پەیدا دەکەن، بە شێوەیەک هیچ چەمک و دەستورێکی بواری وشەسازی لای قوتابی بە نامۆیی نەمێنێتەوە.

لەم کۆرسەدا ئەوە نیشان دەدرێ، کە ئاستی وشەسازی ئاستێکی هەرە سەرەکیی زانستی زمانە و بناغە و تاکە ڕێگەیە، بۆ ئەوەی دواتر بە هۆیەوە بچیتە ئاستی ڕستەسازی، وەکو بەشە سەرەکیەکەی دیکەی زانستی زمان.

لەم کۆرسەدا لایەنی پراکتیکی و هێنانەوەی نمونەکان هەر لە زمانی کوردی هەڵدەبژێرین "تەنها لە کاتی پێویست پەنا بۆ زمانەکانی دیکە دەبەین"، بۆ ئەوەی قوتابییان بتوانن دوای دەرچوونیان لە کۆلێژ، هەموو ئەو وشە و مۆرفیمانەش بە پێی دەستور و یاساکانی وشەسازیی زمانی کوردی بەکار بێنن، کە لەم کۆرسەدا دەرفەت نەبووە، وەکو نمونە باسیان بکەین.

## 11. ئامانجەکانی کۆرس

**ئامانجی بابەت:** ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە ئەوەیە:

١- قوتابی دوای تەواوبوونی کۆرسەکە زانیارییەکی گشتی لەبارەی زانستەکەوە هەبێت. هەروەها خاوەنی تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی ورد بێت بۆ زمان و کەرەستە و یاساکانی بە گشتی و ئاستی وشەسازی بە تایبەتی.

٢- قوتابی (مۆرفیم و جۆرەکان، سنووری وشەسازی، کەرەستەی وشەسازی... هتد) بزانێت و جیایان بکاتەوە لە هی لقەکانی تری زمانەوانی و زانستەکانی تر.

٣- قوتابی ببێتە خاوەن کۆمەڵێک بنەمای زانستی لەم بوارەدا، تاکو بە هۆیەوە بتوانێت لێکۆڵینەوە لە بوارەکەدا بکا و پەرە بە بوارەکە و تواناکانی لەو بوارەدا بدا.

٤- تێکەڵ نەکردنی ئاستی وشەسازی لەگەڵ ئاستەکانی دیکە، بە تایبەتی لەگەڵ ئاستی ڕستەسازی و دەنگسازی.

٥- ئەم وشەسازییەی لەم کۆرسە بە خوێندکاران دەگوترێتەوە، جیایە لەو وشەسازییەی خوێندکار پێش هاتنە زانکۆ لە "قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی" خوێندویەتی، پەیامی وشەسازی ئێمە ئەو وشەسازیەیە، کە لە زانستی زمانەوانیی نوێی جیهانیدا دەخوێنرێ، نەوەک ئەو وشەسازی "صرف"ەی تەنها لە ڕێزمانی عەرەبی وەرگیراوە.
٦- پەیامی ئێمە تێگەیاندنی قوتابیە، کە دەبێ پێناسە و دەستورە وشەسازیەکان لە چوارچێوەی خودی زمان و زانستی زمان هەڵێنجرێن، تا خوێندکار ڕازی نەبێ بەوەی پێناسە و دەستورەکانی وشەسازی لە ڕوانگەی زانستەکانی دیکەی وەکو لۆژیک، فەلسەفە، کۆمەڵناسی و دەروونناسی ...هتد دەربهێنرێن. واتە قوتابی بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو پێناسە و دەستورانەی لە زمانەوە هەڵناهێنجرێن، وەڵامی زانستی لابێ.
٧- شیاندن و نەرمکردنی تێکڕای وشە و مۆرفیمەکان لە بەردەستی خوێندکاراندا، بە شێوەیەک زۆرترین زانیارییان لە ڕوی بەکارهێنان و ئەرک و شوێن و کاریگەرییان لە ژینگەی زمانی لە چوارچێوەی وشەسازیدا لەسەریان هەبێ "واتە پێش ئەوەی ببنە کەرەستەی ڕستەسازی و بکرێنە ڕستە".

**پێویستە قوتابی لە کۆتایی کۆرسەکە ئەمانە فێربێ:**

١- وشــەســازی کە هێڵی ســەرەکیی چۆنیەتیی کارکردن و ئەرکی مۆرفیمەکان و چۆنیەتیی ڕۆنانی وشــەیە، وەک چۆن بۆ ساغکردنەوەی مێژوی دروستبون و گۆڕانی وشە "ئیتمۆلۆژی" سودی هەیە، بە هەمان ڕاددە و پتریش بۆ ڕۆنانی وشەی نوێ سودی هەیە.

٢- لە ڕێی وشــەســازیەوە قوتابی ســنوری نێوان بەشــەکانی ئاخاوتن لێکجیا دەکاتەوە و تێکەڵیان ناکا، هەروەها گرنگی و ڕاددەی پەیوەندی نێوان بەشەکانی ئاخاوتن دەزانێ.

٣- لە ڕێی وشــەســازیەوە قوتابی پێکهاتە و گۆڕانە ڕیشــەیی و لاوەکیەکانی وشــە دەناســێتەوە و دەزانێ لە کوێوە سەرچاوەیان گرتوە.

٤- لە ڕێی مۆرفیم و جۆرەکانی کە سەرەکیترین بابەتی وشەسازیە، خوێندکار دەتوانێت یەکەیەکی زانستی بۆ زمان دەست کەوێ و لەوێوە کەرەستە زمانیەکان شی بکاتەوە و تا دواکەرتی هەرە بچوک هەڵیانوەشێنێتەوە.

٥- لە ڕێی وشــەســازیەوە قوتابی بۆی دەردەکەوێ، ئەگەرچی زمانی کوردی هەندێ حاڵەتی زمانە تواوە و دابڕاو "منعزل"ەکانی تێدایە، کەچی سەر بەزمانە لکاوەکانە، چونکە زۆربەی زۆری کەرت "مۆرفیم"ەکانی وشەی زمانی کوردی و کەرەستەکان "وشە"کانی ڕستەی زمانی کوردی لە پاڵ یەکتر ڕیز دەبن و بە یەکەوە دەلکێن.

٦- لە ڕێی وشەسازی "لە پاڵ ڕستەسازی"، دەردەکەوێ کە زمان وەک زانستێک پێیەکی لەناو زانستە سروشتیەکان و پێیەکەی دیکەی لەناو زانستە مرۆڤایەتیەکانە.

٧- لە ڕێی وشەسازی دەردەکەوێ، هەموو زمانێک تایبەتمەندی و یاسای سەربەخۆی "زمانەوانی تایبەتی" خۆی هەیە. هەر لە ڕێی وشەسازییەوەش دەسەلمێنرێ، هەموو زمانەکان سیفەت و یاسای هاوبەش "زمانەوانی گشتی"یان هەیە.

## 13. ڕێگەی وانەوتنەوە

- سـەبارەت بە ڕێگەی وانەوتنەوە، ئەم بابەتە پێویسـتی بە بەکارهێنانی ڕێگەی (وانەبێژی+ پرسـیار و وەڵام+ گفتوگۆ+ ئیستقرائی، ئیستنتاجی) هەیە.
- لە کەرەستە و هۆیەکانی فێرکردن، وانەکە پێویستی بە (تەختە، ماجیك، داتاشۆ) هەیە.

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن

- لە ماوەی کۆرسەکەدا (٢- ٣) تاقیکردنەوە دەکرێت بە نووسین هەر تاقیکردنەوەیەک لەسەر بیست نمرە دەبێت و دواتر تێکڕا لەسەر (٤٠) دەردەهێنرێت و وەکو نمرەی کۆشش دادەنرێت.
- ئەو ئەو قوتابییانەی ڕاپۆرت یان سیمینار پێشکەش دەکەن، نمرەی زیادەیان بۆ دەخرێتە سەر نمرەی کۆشش.

## 15. دەرئەنجامەکانی فێربوون:

بابەتەکە چەند ئامانجێک دەپێکێ:

**یەکەم: ئامانجی گشتی:** قوتابی زانیاری پەیدا دەکات لەسەر بابەتەکە و دەبێت بە خاوەنی زانیاری و لێهاتویەک سەبارەت بە ڕێزمان و ئامادەبوون بۆ پیشەی مامۆستایەتی.

**دووەم: ئامانجی تایبەتی:**

**أ- ئامانجی مەعریفی:** قوتابی ئاشـنا دەبێت بە بابەتەکانی مۆرفیم و جۆرەکانی، بەشـە ئاخاوتنە جیاوازەکان و ئەو مۆرفیمانەی دەچنە سەریان، هەروەها بابەتی وشەڕۆنان.

**ب- ئامانجی ویژدانی:** قوتابی لایەنگری خۆشەویستی بۆ وانەکە بە گشتی و بە شەوانەکان پەیدا دەکات و زەوق و سەلیقەی ئەوەی دەبێت، کاتیان بۆ تەرخان بکا و خۆی پێیانەوە خەریک بکا.

**ت- ئامانجی ڕەفتاری:** قوتابی دەتوانێت لە کاتی پێویست و لە کاتی ئامادەبون و لە کاتی بون بە مامۆستا یان وانەوتنەوە سوود لە زانیاریەکانی وەربگرێ و بەکاریان بهێنێ.

## ١٦. لیستی سەرچاوە:


**١-** ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشـی یەکەم (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٧٩.

٢- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشـەسـازی)، بەشـی دووەم (جێناو)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٧٩.

٣- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی سێیەم (ئاوەڵناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەغدا، ١٩٩٢.

٤- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشـی چوارەم (ژمارە و ئاوەڵکردار)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٨.

٥- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشـی پێنجەم (کردار)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٦-ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٧.

٧- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

٨- عەبدوڵڵا حوسـێن ڕەسـوڵ، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتورا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشـد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٥.

٩- محمد مەعرووف فەتاح & سـەباح رەشـید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٠- عەبدولواحید موشیر دزەیی، وشەسازی زمانی کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.

## - سەرچاوەی سودبەخش:

١- محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.

٢- وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٣- لیژنەی زمان و زانستەکان، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٤- کەوسـەر عەزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشـەسـازی کوردی، نامەی ماسـتەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، ١٩٩٠.

- بەهزاد موحسـین ڕەئوف، تێنس لە نێوان زاری ناوەڕاسـتی زمانی کوردی و زمانی فارسـیی سـتاندارد، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٨.

## - گۆڤار و ڕیڤیو:

١- محەمەد مەعروف فەتاح، کار پۆلێنکردن بە پێی ڕۆنان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢)، ١٩٨٩.

٢- نەسـرین فەخری، پاشـگری "اندن" لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، ژمارە (١)، بەغدا، ١٩٧٥.

٣- وریا عومەر ئەمین، ڕستەی بکەر نادیار، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٩٥)، بەغدا، ١٩٨٢.

٤- مەسعود محەمەد، بەکارهێنانی "ی" لە ڕێزمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، ژمارە (١)، بەغدا، ١٩٧٣.

٥- نوری عەلی ئەمین، چاوگی "بوون" و "هەبوون" لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشـنبری نوێ، ژمارە (١٠٩) بەغدا، ١٩٨٧.

| ١٧. بابەتەکان | | | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|---|---|
| ناوی بابەت | هەفتە | ئامانج | بەهـزاد موحسین.. هەفتـانە ٣ کاتژمێر |
| | هەفتەی یەکەم | -کردنەوەی دەروازەیەک بۆ چونە ناو بابەتەکانی وانەکە. | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- ناساندنی بابەتەکە و ڕوونکردنەوەی کۆرسبوک وشەسازی<br>٢- دەنگسازی "وشەسازی" و ڕستەسازی و واتاسازی | | -ناساندنی زانستی وشەسازی.<br>-شوێن و پێگەی وشەسازی لە زانستەکانی ناوەوەی زمان. | |
| ٣- مۆرفیم و وشە<br>٤- وشە: پێناسەکانی، کەموکوڕیەکانی، تایبەتمەندیەکانی. | هەفتەی دوەم | -زانینی جیاوازی نێوان مۆرفیم و وشە.<br>-سرکی و ئەمیبونی وشە، وەک کەرەستەیەکی واتابەخشی زمان و هۆی زۆری پێناسەکانی. | |
| ٥- جۆرەکانی وشە لە چەند ڕویەکەوە<br>٦- وشەی فەرهەنگی و وشەی ئەرکی<br>وشەی گشتی و وشەی تایبەتی | هەفتەی سێیەم | -زانینی پۆلێنە جیاوازەکانی وشە و ڕوەکانی پۆلێنکردن.<br>-جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی تری وشە. | |
| ٧- مێژوی دۆزینەوەی مۆرفیم<br>٨- مۆرفیم و وەرچەرخانێک لە مێژوی زمانەوانی | هەفتەی چوارەم | -زەرورەتی دۆزینەوەی مۆرفێم.<br>-مۆرفیم وەک جێگرەوەی وشە، بووە یەکەیەکی پێوانەیی ئاستی وشەسازی و ئەرکی خۆی ڕاپەڕاند. | |
| ٩- مۆرف و مۆرفیم و ئەلۆمۆرف<br>١٠- چەند پێناسەیەکی مۆرفیم و زانستیترینیان یان عەمەلیترینیان | هەفتەی پێنجەم | -پێکەوە بەستنی مۆرف و مۆرفیم. هەروەها زانینی چەمکی ئەلۆمۆرف.<br>-بەرکەوتنی قوتابیان بە کەرەستە زمانیە بەردەستەکان بۆ ئەزمونکردنی مۆرفیم، نەوەک چەمکە مەعنەویەکان | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | -مۆرفیم جگە لە ئەرکە سەرەکیەکەی لە وشەسازیدا کارکردی لە دەنگسازی و ڕستەسازیدا چیە.<br>-گەیاندنی چوار مەرجە سەرەکیەکەی بەمۆرفیمبون. | هەفتەی شەشەم | ١١- مۆرفۆفۆنیم و مۆرفۆسینتاکس<br>١٢- مەرجەکانی بەمۆرفیمبون |
| | -ناسینی جۆرەکانی مۆرفیم وەکو شوناس.<br>-جیاکردنەوەی مۆرفیمی بەند و سەربەخۆ و جۆرەکانی تری مۆرفیمی بەند.<br>-تێگەیاندنی جیاوازی لە دروستکردنی وشەی نوێ و دۆخی ڕێزمانی نوێ.<br>-ناساندنی ئەرکە دەلالەتبەخشەکانی زۆرێک لە م. ب. وشەداڕێژەکان. | هەفتەی حەفتەم | ١٣- جۆرەکانی مۆرفیم لە ڕوی تایبەتمەندیەوە<br>١٤- جۆرەکانی مۆرفیم لە ڕووی ئەرکداریەوە<br>١٥- جیاوازی نێوان م. ب. وشەداڕێژ و م. ب. ڕێزمانی دەلالەتی مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان: (شوێن، کات، پیشە، بچوککردنەوە، واتایی، ئاوەڵناوی کراو، ئاوەڵناوی بکەر... هتد) |
| | -دەرخستنی پەیوەندی واتایی نێوان گیرەکەکان. | هەفتەی هەشتەم | ١٦- هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا |
| | -چۆنیەتی پۆلێنکردن و ئامانجی پۆلێنکردنی کەرەستەکانی زمان. | هەفتەی نۆیەم | ١٧- پۆلێنکردنی کەرەستەکانی زمان.<br>پۆل و پۆلگۆڕین. |
| | -جیاکردنەوەی دو پۆلی جیاواز، جیاوازی کردن لە نێوان ئەرک و پۆلدا و بەستنەوەی بە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی.<br>-ناساندنی بەشە جیاوازەکانی ئاخاوتن و پەیوەستی حەتمیان بە وشەسازی. | هەفتەی دەیەم | ١٨- پۆلی کراوە و داخراو ئەرک و پۆل<br>١٩- بەشەکەی ئاخاوتن پەیوەندییان بە وشەسازیەوە |
| | -ناساندنی کار وەک کەرەستەیەکی وشەسازی و هەم وەک ڕستەسازیش. | هەفتەی یازدە | ٢٠- کار: (ڕەگ، چاوگ وەک سەرچاوە، لە ڕوی ڕۆنان، کاری تەواو و یاریدەدەر، دەمەکانی کار) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١- ئاوەڵکار: (پێناسە، ئاوەڵکار لە نێوان وشەسازی و ڕستەسازی، ئاوەڵکاری دیارخەر و بارودۆخ، جۆرەکانی ئاوەڵکار، ئاوەڵکاری دەستەواژەیی).<br>٢٢- ناو: (پێناسە، ناو وەک بەشێکی ئاخاوتن، تایبەتمەندیەکانی ئاوەڵناو) | هەفتەی دوازدە | -گەیاندنی ئاوەڵکار لە ڕوی داڕشتنەوە، کە جیایە لەگەڵ هەمو بەشەکانی تری ئاخاوتن، کە دۆخی چوارەمی هەیە دوای لێکدراو، پێکهاتەی دەستەواژەیشی هەیە.<br>-هەروەها جۆرەکانی لە ڕوی واتاییەوە.<br><br>-تەنها گەیاندنی ناو لە ڕوی ڕۆنانی مۆرفۆلۆژیانە و خاسیەتەکانی. | |
| ٢٣- ئاوەڵناو: (پێناسە، ئاوەڵناو وەک بەشێکی ئاخاوتن، تایبەتمەندیەکانی جێناو)<br>٢٤- جێناو: (پێناسە، جێناو وەک بەشێکی ئاخاوتن، تایبەتمەندیەکانی جێناو) | هەفتەی سێزدە | -تەنها گەیاندنی ئاوەڵناو لە ڕوی ڕۆنانی مۆرفۆلۆژییانە و خاسیەتەکانی.<br><br>-خستنەڕوی جێناوەکان و ئەرک و کاریگەرییان بەرمەبنای شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیانە. | |
| ٢٥- ئامرازی پەیوەندی<br>٢٦- ئامرازی لێکدەر (بەستن)<br>٢٧- ئامرازی نیاز و مەبەست | هەفتەی چواردە | -سەلماندنیان وەک مۆرفیمێکی ئەرکی.<br>ژماردنیان و ئەوەی کە تەنها لە ڕوی پێکهاتنەوە مۆرفیمی ئەرکین و ڕۆڵیان زیاتر لە ڕستەسازیدایە، نەوەک لە وشەسازی.<br>-ژماردنیان و ئەوەی کە تەنها لە ڕوی پێکهاتنەوە مۆرفێمی ئەرکین و ڕۆڵیان زیاتر لە واتاسازیدایە نەوەک لە وشەسازی. | |

**١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت):** نیە

**١٩. تاقیکردنەوەکان**
پ١/ سێ جیاوازی نێوان مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ و ڕێزمانی بنووسە.
پ٢/ پەیوەندی چییە لە نێوان مۆرف و مۆرفیم و ئەلۆمۆرف؟ بە نمونە ڕوونی بکەوە.
پ٣/ مۆرفیمی کاتی ئێستا لە زمانی کوردیدا کەی دەردەکەوێت؟ بە نمونە ڕوونی بکەوە.

**٢٠. تێبینی تر:** نییە

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

## پرسیار و وەڵامی نمونەیی

**نمونەی پرسیاری تاقیکردنەوەکان**

**پ١/ ئەرکی سەرەکیی مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ چیە؟ بە نمونەوە ڕونی بکەوە.**
**پ٢/ ئەلۆمۆرفی دەنگسازی چیە؟ بە نمونە وەڵامەکوت ڕوون بکەرەوە.**
**پ٣/ تەنها لقێک وەڵام بدەوە:**
**ا- کەموکورتیی ئەم پێناسەیە (( وتە -الکلیمة- وشەیەکە کە مەبەستێکی ببێ.)) چیە؟**
**ب- جۆرەکانی وشەی تەواو چین؟**
**پ٤/ مۆرفیمە کاتەکانی ئەم کارانە دەربهێنە و کاتەکەیان بەرامبەر بنوسە:**
**(دەبیستێ، هەمە، شکابو، مردوە)**
**پ٥/ ئەم وشە و دەستەواژانە بۆ مۆرفیمەکانیان کەرت بکە و جۆری مۆرفیمەکانیش بەرامبەریان بنوسە:**
**(بۆ گوڵان، ئەفسانە، هەڵدەنیشێ، تا ڕەشەبایەک).**

**وەڵامی نمونەیی پرسیارەکانی سەرەوە**

**<u>وەڵامی پرسیاری ١:</u>**
**_ئەرکی سەرەکی مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ دیاریکردنی ڕۆنان یان دروستکردنی وشەی نوێیە لە زماندا.**
**بۆ نمونە مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژی "ستان" لەم وشەیە "دار+ ستان= دارستان" وشەیەکی نوێی بۆ ڕۆناوین. دوای ئەوی چۆتە سەر وشەی (دار) وشەیەکی نوێێ بۆ دروست کردوین، کە بە مانای شوێنی (کۆمەڵێک دار و درەخت) دێ.**
**<u>وەڵامی پرسیاری ٢:</u>**
**هەندێ ئەلۆمۆرف بە هۆی یاسا فۆنۆلۆژیەکانی وەکو یاسای تێچون و چونەپاڵ و... هتد دروست دەبن، کاتێک فۆنیمێک یان زیاتری مۆرفیمە سەرەکیەکە دەکەونە ژینگەیەکی دەنگسازیانەی وا، بە کاریگەری دەنگەکانی دەوروبەری دەکەونە بەر یاسا فۆنۆلۆژیەکان و شێوەکەیان دەگۆڕێ بەمەش ئەلۆمۆرفی دەنگسازی دروست دەبێ.**
**وەکو مۆرفیمی "ەکە" لەم نمونانەی خوارەوە:**
**دار+ ەکە= دارەکە (ەکە)/ چیا+ ەکە= چیاکە (یەکە)/ چیا+ یەکە= چیایەکە (کە)/ چیا+ ەکە+ ان= چیاکان (ک)/ چیا+ ەکە+ ان= چیایەکان (یەک)**

ئەمانە (یەکە، کە، ک، یەک) هەمویان ئەلۆمۆرفی "ەکە"ن، کە بە هۆکاری دەنگسازی دروست بوونە و شێوەیان گۆڕاوە.

## وەڵامی پرسیاری ٣:

١- کەموکوڕیی ئەم پێناسەیە لەوەدایە، کە جگە لە فۆنیم و بڕگەی ئاستی دەگسازی، وشە و هەمو کەرەستەکانی دیکەی زمان مەبەست و واتایان هەیە، بە تایبەتی مۆرفیم و فرێز و ڕستە. کەواتە ئەم پێناسەیە بۆ وشە و غەیری وشەش دەگونجێ، بەمەش ئەم پێناسەیە تەنها تایبەت نابێ بە وشە.

ب- جۆرەکانی وشەی تەواو برتین لە:

١- ئەو وشە تەواوانەی لە پێکهاتە و شێوەی ڕۆنانیان و واتایان ڕون نیە، وەکو (دار، ماست) لێرەدا لە خودی وشەکان واتاکانیان ڕون و پێشبینیکراو نین.

٢- ئەو وشە تەواوانەی لە پێکهاتە و شێوەی ڕۆنانیان واتایان ڕون یان تاڕادەیەک ڕون و پێشبینیکراوە، وەکو (دارتاش، ماستاو) لێرەدا لە خودی وشەکانیان و واتاکانیان تا ڕادەیەک ڕون و پێشبینیکراون، کە واتای "دارتاش" لە "دار" و "تراشین" و "ماستاو"یش لە "ماست" و "ئاو"ەوە هاتوە.

## وەڵامی پرسیاری ٤:

| ژ | کار | مۆرفیمەکانی کات | جۆری کات | جۆری کات |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەبیستێ | (ە)، (ێ) | (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستا | (ێ) مۆرفیمی کاتی داهاتو |
| ٢ | هەمە | (ە) | (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستا | |
| ٣ | شکابو | (ا)، (و) | (ا) مۆرفیمی کاتی ڕابردو | (و) مۆرفیمی کاتی ڕابردو |
| ٤ | مردوە | (د)، (ە) | (د) مۆرفیمی کاتی ڕابردو | (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستا |

## وەڵامی پرسیاری ٥:

| ژ | وشە | مۆرفیمەکان | جۆری کات |
|---|---|---|---|
| ١ | بۆ گوڵان | بۆ | م. س. ئەرکی |
| | | گوڵ | م. س. فەرهەنگی |
| | | ان | م. ب. ڕێزمانی |
| ٢ | ئەفسانە | ئەفسانە | م. س. فەرهەنگی |
| ٣ | هەڵدەنیشێ | هەڵ | م. ب. وشەداڕێژ |
| | | (دە) یان (ە) | م. ب. ڕێزمانی |
| | | نیش | م. ڕەگ |
| | | ێ | م. ب. ڕێزمانی |
| | | ¢/ ج. ل. ک، ٣. تاک دەرنەکەوتوە | م. ب. ڕێزمانی |
| ٤ | | تا | م. س. ئەرکی |
| | | ڕەش | م. س. فەرهەنگی |
| | | ە | م. ب. وشەداڕێژ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | م. س. فەرهەنگی | با | تا ڕەشەبایەک | | |
| | م. ب. ڕێزمانی | ی | | | |
| | م. ب. ڕێزمانی | ەک | | | |